کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

26-2-2007 20:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بڕیارەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (140) ئاستەنگ دەکرێن ... قادر عزیز

ماوەیەك بوو كارەكانی لیژنەی جێبەجێكردنی ماددەی (140) زۆر بەباشی بەڕێوە دەچوو، لیژنەكە لەماوەی تەنها (3) هەفتەدا (4) بڕیاری گرنگی سەبارەت بەئاسایكردنەوەی بارودۆخی شاری كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی تر وەرگرت، بڕیارەكانیش بریتی بوون لە:

1- گێڕانەوەی هەموو ئەو فەرمانبەرانەی كە لەساڵی (1968) وە تا ڕوخانی ڕژێمی سەدام (2003/9/14) بەهۆكاری سیاسییەوە دوورخرابوونەوە، یان لەسەر كار لابرابوون، بۆ شوێنەكانی خۆیان.

2- گێڕانەوەی ئاوارەو قەرەبووكردنەوەیان.

3- گێڕانەوەی عەرەبی هاوردە، واتە ئەو عارەبانەی تا ئەم مێژووەی سەرەوە بەمەبەستی بەعەرەبكردنی كەركوك و ناوچەدابڕاوەكان هێنرابوونە ئەو ناوچانە بۆ شوێنەكانی پێشووی خۆیان و قەرەبوو كردنەوەیان.

4- هەڵوەشانەوەی ئەو گرێبەستانەی كە لەهەمان ماوەدا لەسەر زەوی و زاری كشتوكاڵی دانیشتوانی كەركوك و ئەو ناوچانە كرابوون و گێڕانەوەیان بۆخاوەنەكانی خۆیان.

ئەمانە ئەو (4) بڕیارە گرنگە بوون كە بەجێبەجێكردنیان بەشێكی زۆر لەئاسایكردنەوەی شاری كەركوك و ناوچە دابڕاوەكان كەقۆناغی یەكەمی پرۆسەكەیە لەخۆ دەگرێت، ئەوەش كە دەمێنێتەوە بۆ تەواوكردنی قۆناغی ئاسایكردنەوە تەنها گێڕانەوەی قەزاو ناحیە دابڕاوەكانە بۆسەر پارێزگای كەركوك كە ئەویش وەك چاوەڕوان دەكرێت لەم ڕۆژانەدا لیژنەكە بڕیاری لەسەر بدا. ئەوەی لێرەدا جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە كەوا بۆ (40) ڕۆژ دەچێت ئەم بڕیارانە لەلایەن لیژنەكەوە بۆ سەرۆك وەزیران نوری مالیكی بەرز كراوەتەوە، كەچی هێشتا نوری مالیكی پەسند (مێادقە) ی ئەو بڕیارانەی نەكردووە، كەدیارە بەبێ ئەو مێادەقەیەی ئەویش ئەو بڕیارانە ناكەونە واری جێبەجێكردنەوە

دیارە (40) ڕۆژ بۆ واژۆكردنی ئەو (4) بڕیارە ماوەیەكی یەكجار زۆرە بەبەراورد لەگەڵ ئەو كاتەی كە بۆقۆناغی ئاسایكردنەوە دیاریكراوە كەلە (2007/3/31) كۆتایی پێ دێت.

نوری المالكی تا ئێستە هەڵوێستی نەگەتیڤی لە بەرامبەر جێبەجێكردنی مادەی (140) دا نەبووە، بەڵام دواخستنی واژۆی بڕیارەكان لەم ماوە زۆرەدا زۆر بە ئاشكرا خۆدزینەوە و هەڵوێستی نێگەتیڤی مالكی لە بەرامبەر مادەی (140) دا پێشان دەدات، چونكە وەك هەموو لایەك دەزانین كە فاكتەری كات چەند مەسەلەیەكی گرنگە لەم پرۆسەیەدا. دیارە مەبەست لەو هەڵوێستەی نوری ئەلمالیكیدا زیاتر بەفیڕۆدانی كاتە، هەر بۆ ئەوەی كەدواجار بەبیانووی كەمی كاتەوە ماددەی (140) دوا بخرێ، كەئەمەش بەتەواوی لەزەرەری كورددا دەبێت و گەڕانەوەی كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی تریش بۆسەر هەرێمی كوردستان ئەستەم دەكات، چونكە نازاندرێ لە ئایندەدا ڕووداوەكان چۆن و چەند بەقازانجی كوردو جێبەجێكردنی ماددەی (140) دەكەوێتەوە.

هاوكات لەگەڵ ئەو خۆدزینەوەی نوری ئەلمالیكیدا لە پەسند كردنی بڕیارەكانی جێبەجێكردنی ماددەی (140) دا، هەندێ لەنوێنەرانی بەرەی توركمانی و تەجەموعی عەرەبیش لەئەنجومەنی پارێزگەی كەركوكدا دوای ئەوەی لەكۆڕو كۆنفرانسەكانی ئەنقەرە دژ بە كەركوك و ماددەی (140) بێئومێد بوون، ئێستا هەوڵە گومانلێكراوەكانیان بۆ دژایەتیكردنی ماددەی (140) گواستۆتەوە بۆ نێو لیژنەی مادەی (140) و بۆ هاندانی نوری ئەلمالیكی لەئەنجومەنی پارێزگەی كەركوكدا، ئەم هەوڵانە و سەفەری ئەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

26-2-2007 20:06 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

دواییەی جێگری سەرۆك كۆماری عێراق (عادل عبدالمهدی) بۆ توركیا كە زۆر شتی خراپی دژ بە مادەی (140) لە بارەوە باسدەكرێت ئەگەر زوو پێشیان پێ نەگیرێت ئەوا بێگومان كاری لیژنەی مادەی (140) بە تەواوی پەك دەخات. بەرپرسانی كورد چ لە بەغدا و چ لە كوردستان كە بێدەنگی تەواویان لە ئاست ئەم وەزعەدا هەڵبژاردووە، داوایان لێدەكرێت كە بە وردی چاودێری ئەم هەوڵانە بكەن و فشاری جیدیش بخەنە سەر نوری المالكی بۆ (مێادقە) كردنی بڕیارەكان، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر كات بە فیرۆ نەروا و دواجاریش بە بیانوی كەمی كات و فاكتەری كاتەوە دواخستنی مادەی (140) وەك دیفاكتۆیەك بەسەر كوردا نەسەپێندرێت

alanddk@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.